Dengekan

# تەنیا عەلی کیمیاوی نەبوو

## کوشتوبڕی کورد سیاسەتی فەرمی دەولەت بووە لەکاتی سەدام حوسێندا،

## نەك ڕەفتاری دڵرەقانەی جەنەراڵێك.

پیتەر گالبرەیت*

**و: نوورەدین وەیسی**

ئەم هەفتەیە دادگایەکی بەغدا عەلی حەسەن مەجیدی بە جێنەسایدکردنی گەلی کورد تاوانبارکرد وبڕیاری لەسێدارەدانی دا ،بڕیارەکە بە چەندین بەلگەوە پشتی بەستبوو کەبەشێکی زۆری ئەوبەلگانە قەت لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە نکوڵیان لێنەکراوە.

من یەکەمجار لە سێپتەمبەری 1987 لەنێوچە لادێ نشینەچۆلکراوەکانی کوردستانەوە ڕووبەڕووی کارێکی عەلی کیمیاوی بوومەوە ،لەبەغداوە بەرەو باکوور وناوچەی کوردنشین دەچووین ،لەپڕ هیچ گوندی دیکەمان نەدیت، لەشارۆچکەیەکدا بلدۆزەرەکان لە نزیك پاشماوەی خانووە چۆلکراوو ڕووخاوەکان وەستابوون، تۆزێکی دیکە ڕۆیشتین تەنها ستوونی کارەبایی و نیشانەی گۆڕوباخچەی چۆلمان دیت کە نیشانەی ئەوەبوون ناوچەکە کاتی خۆی ئاوەدان بووە.

ماوەیەکی زووتر لەو ساڵەدا، سەدام حوسێن عەلی حەسەن مەجیدی کردبووە بەرپرسی نووسینگەی باکووری حیزبی بەعس ودەسەلاتێکی رەهای بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو یاخیبوونە کوردییە پێ بەخشیبوو کە لەناوەڕاستی شەڕی نێوان عیراق_ئێران سەریهەلدابوو. مەجید کە ئامۆزای سەددام بوو دەستیکرد بە بڕیاردانی تێکدانی گوندەکان وتا ساڵی 1990 4500 گوندی لە کۆی 5000 لادێی کوردستان خاپووروێران کرد.هەرلەساڵی 1987عیراق دەستی بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کرد لەدژی گوندە دوورەدەستەکانی دۆڵی بالیسان ، ئەم هێرشانە نازناوی (کیمیاوی)یان بە عەلی حەسەن مەجید بەخشی.

هێرشی چەکی کیمیاوی تاساڵی 1988 بەردەوام بوو، لە 16 مارسی ئەو ساڵەدا فرۆکە جەنگییەکانی عیراق تێکەڵەیەك لەچەکی کیمیاویان بەسەر ڕۆژهەڵاتی شاری کوردنشینی هەڵەبجەدا باراندوپتر لە پێنج هەزار ژن وپیاوومنداڵی کوشت ، ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی چەکدارە کوردەکان دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتەوە من سەرم لە هەڵەبجەدا ، ژێرزەمینێکیان نیشاندام کە42کەس وەکو پەناگە وبۆخۆپاراستن لەچەکی کیمیاوی بەکاریان هێنابووبەڵام رزگاریان نەبوولەمردن، هەرچەندە چەند ساڵێك بەسەررووداوەکەدا تێپەڕیبوو کەچی بۆگەن وبۆنی ناخۆش هەرمابوو،لەسەر گۆڕستانەکە چەکدارێکی کورد دەستی بۆناو پیسایيەك درێژ کردوئێسك وپرووسکێکی بچووکی دوو منداڵی بۆدەرهێنام تا وێنەیان بگرم.

بەڕێوەبەرایەتی ریگن لە نیگەرانی ئەوەی رەنگە لە شەڕی عیراق-ئێراندا عیراق بدۆڕێنێ؟، بەهۆشدارییەوە چاوپۆشی لە بەرپرسیاریەتی بۆمبارانکردنی هەڵەبجە کرد بەوەی کە رەنگە عیراق وئێران دەستیان لە کیمیابارانەکەدا هەبێت ،بەڵام پێنج ڕۆژ دوای کۆتاییهاتنی شەڕی عیراق-ئێران لە 20 ی ئۆگستی 1988، سەدام وعەلی کیمیاوی دەستیان بەکیمیابارانکردنی 48 لادێی پارێزگای دهۆك کرد کە پتر لە 100 مایل لە ئێرانەوە دووربوون.

ئیدی هیچ گومانێك لەوەدا نەما كە كێ بەرپرس بووە لە بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی ، كۆمیتەی پەیوەندییەكانی دەرەوەی سێنات داوای لە من كرد كە بەرپرسایەتی شاندێك بكەم بۆ دێكۆمێنت كردنی هێرشەكان ،ئەوەبوو لە كامپەكانی سەرسنووری عێراق وتوركیا، چاومان بەسەدان رزگاربووی هێرشەكان كەوت وهەموویان چاودیتەی پەلامارەكان بوون وزۆربەشیان كەسوكاریان لەدەستدابوو كەلەپێش چاوی ئەوان گیانیان سپاردبوو.

عیراق بەئاگاییەوە پەلاماری خەڵكی سیڤیلی دەدا،هەر بۆنموونە هێزەكانی عیراق ئاگربارانی سەدان ویان لانیكەم هەزار رزگاربووی پەلامارەكانیان كرد.لەكاتێكدا بەرێوەبەرایەتی ریگن بێگومانبوو لەوەی عیراق چەكی كیمیاوی لە دژی گەلەكەی بەكارهێناوە كەچی سەپاندنی گەمارۆدان وئابلووقەی ئابووری بەسەر عیراقی بەزیادەرۆیی دەزانی،تەنانەت چەند مانگێك دواتر ،بەرێوەبەرایەتی تازەی سەرۆك جۆرج بوش یارمەتییەكانی ئەمریكای بۆ عیراق دووهێندكرد.

پاش ئەوەی عیراق لە شەڕی كەنداوی فارس دۆڕا كورد دەستیان بەڕاپەرین كردو زۆربەی كوردستانیان ئازاد كرد،لەوكاتەدا هەژدە تەنی بەڵگەنامەی عیراقیان وەدەستكەوت لەوانە نووسراوەكانی نووسینگەی باكووری عەلی حەسەن مەجید ،سەركردەكانی كورد ئەوبەڵگەنامانەیان بۆ پاراستنیان دا بەمن ،منیش لە ئەركایڤی (ئەرشیڤی) نیشتمانی ئەمەریكا دامنان ،بەڵگەنامەكان پڕبوون لەوێنەی تاوانەكانی عەلی كیمیاوی.

عەلی حەسەن مەجید زۆربەی كوردستانی بەنێوچەی قەدەخەكراو ناساندبوو ،هەركەسێكیش لەو ناوە بووایە بەبەكرێگیراو لەقەڵەم دەدرا ، بەڵگەنامەكان ناوو تەمەن وكاتی لەسێدارەدانی هەزاران ژن وپیاوو منداڵی تێدابوو كە لە ناوچە قەدەخەكراوەكان گیرابوون ، فایلەكانی تر بریتیبوون لە دانپێدانان وپەنجە مۆر(بۆ ئەوانەی شوان ونەخوێندەواربوون لەجیاتی واژووكردن) ومردننامە(وەفاتنامە) .نووسینگەی باكووری عەلی كیمیاوی بەڤیدیۆ ئەشكەنجەدان ولەسێدارەدانی تۆماركردبوو و ناردبووی بۆ بەغدا،دیارە بۆیە ئەوكارەی كردووە تا نیشانی نووسینگەی سەرەكی بدات كەچۆن ئەركەكانی بەباشی جێبەجێكردووە.
كە ساڵی رابردوو دادگای لێكۆڵینەوە لە جینۆسایدكردنی كورد دەستی بەكارەكانی كرد لەبەغدا ، سەددام حوسێن لە قەفەزی گومانباریدا لەتەنیشت عەلی كیمیاوی دانیشتبوو ، كورد ویستیان هەردووكیان لەسەر جێنەساید سزابدرین ، جێنەساید رەگی لەنێو بڕیاروخواستی بەعسدا داكوتابووبە پێناسەكردنی عیراق وەك وڵاتێكی عەرەبی بۆ وەلاتانی كورد.بەڵام نوری مالیكی سەرۆك وەزیران دەستی بەسەر سزای لەسێدارەدانی سەدامدا گرت وبۆ خۆی قۆستەوە بەوەی پەلەی لە لەسێدارەدانی سەدام حوسێندا كرد لەسەر تاوانێك كەپەیوەند بوو بە پارتەكەی كە پارتی دەعوەی شیعەی عەرەبە.
بەبێ ئامادەبوونی سەددام حوسێن، عەلی كیمیاوی دانی پێدانا كە ئەو بەرپرس بووە لەوەی لەباكوور روویداوە نەك سەددام ، كورد ئێستا ترسی ئەوەیان هەیە كە ئەو عەرەبانەی بەبڕیارەكەدا دەچنەوە بانگەشەی ئەوە بكەن كەهیچ شاڵاوێكی جێنەسایدی رێكخراوی پالپشتكراو لەلایەن حكومەتەوە نەبووە،بەڵكو تەنها رەفتاروكردەوەی تاك لایەنەی

چەند کەسێك بووە لە کاتی شەڕدا ، ئەگەر شتێکی وا رووبدات وفرتوفێڵ لەدادوەریدا بکرێت لەلایەن دەولەتێکەوە کەجێنەسایدی دژی ئەوان کردووە ئیدی سەیروکتوپرنابێت کەزۆرینەی کورد نەیانەوێ هیچ پەیوەندییەك بەعیراق بیان بەستێتەوە.

* خاوەنی پەرتووکی (کۆتایی عیراق) ە، بەرپرسی بەشی عیراق بووە لەکۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سێنات لە سالانی 1980 و 1990

رۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمز 2007/6/28

و: نوورەدین وەیسی

- لە ژمارە 4 هەفتەنامەی بزاو لە 2007/7/2بلاوبۆتەوە